# بۆچی سەفەرنامەم نووسی

هیوا قادر

پلانی نووسینی کتێبی سەفەرنامە، بۆ من لە هیچکام لە پلانی پیشوەخت و ناوەختی نووسینەکانی پێشووترم نەئەچوو، ئەمەش پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی ئەو کاتەی خۆمەوە هەبوو، چونکە ئەو ڕۆژانە تەواو ژیانی کۆمەڵایەتیم بەسەر یەکتردا ڕووخابوو، بەتەنیا ئەژیام و ماندووی دەستی بینین و نەبینینی منداڵەکانم بووم، لە گێژاوی کریسێکدا ئەژیام کە دنیای لێ بچوککردبوومەوە، تەواو تاریکی داگیری کردبووم، ئەمزانی کە ئەبوو پێش هەرچ کەس بۆ ڕۆحی خۆمی بسەلمێنم کە ژیانم خۆشئەوێت، وەک هەمیشە بۆ من دەستگەیشتن بەو خۆشی و سیحر و هێزەش تەنها لەڕێگای نووسینەوە بوو، بۆیە بڕیارمدا نووسینێک بنووسم هەم دڵخۆشم بکات و هەم شوێنێکێشم پێ ببەخشێتەوە لەسەر ئەم ئەستێرە شینە، تا بتوانم لەو ڕەشبینی و تاریکییە بێمەدەرەوە کە خەریکبوو تەواو ئەیتاساندم، بەچەشنێک هێندە تەنیا و تەنهای کردبووم لە قەرەباڵغییەکان ئەترسام. خەونم تەواو تێکچووبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر هەمووو شەوێک بێ ویستی خۆم سەعات چواری بەرەبەیان خەبەرم ئەبووەوە، ئەو خەو زڕاندنەش هەرچی حەز و ویستی خوێندنەوە و گوێگرتن لە موسیقا و سەیرکردنی فیلم بوو تیایدا کوشتبووم، خەریکبوو هەنگاوم بەرەو دنیایەک ئەنا کە ئەمزانی تا زیاتر بچمە ناویی زیاتر عاسی و گیرۆدەئەبم، ترسی ئەوەم هەبوو ئەو دنیا تاریکە داگیرمبکات و بمشەمزێنێت، پێویستم بەهێزێک هەبوو لە خۆمدا بیدۆزمەوە، هێزی بەردەوامی و ژیاندۆستی و عەشق بۆ جوانییەکان، سەرەتا لە شکاندنی پاکەتی جگەرەکانمەوە دەستم پێکرد، کوڕە وەرزشەوانەکەی ناو خۆم دۆزییەوە و دەستمکرد بە ڕاکردن، بە پاسکیک بە خۆم و جانتایەکی کۆڵەوە، کە بابۆڵەیەک خواردن و بیرەیەک و کتێبێکی تیادابوو ئەچوومە ناو قوڵایی دارستانەکان، لەبیرمە لەیەکێک لەو ڕۆژانەدا کە چیتر گوێگرتن لە مۆسیقای کلاسیکی بەدەنگی بەرز و دەستڕاوەشاندن وەک ماسترۆیەک فریای هێنانە دەرەوەی ئەو هەموو وزەیە نەدەکەوت کە لەناومدا کۆبووبوونەوە، لەپڕ دەستم دایە دەفە هەڵواسراوەکەی دیوارەکە و دام بە شانمدا، نزیکەی سەعاتێک بە پاسکیک چوومە ناو قوڵایی دارستانێکەوە، ئێستاش دیمەنی ئەو ڕۆژە بەهارییە زۆر سەیرەی دارستانەکەم لەیادناچێتەوە، تەم هەمووو شوێنێکی داپۆشی بوو، بەڵام تا بەرەو قوڵایی ناو دارستانەکە ئەچووم تەمەکە بەهۆی چڕی چڵ و پۆپی درەختەکانەوە تەواو نەنیشتبووە سەر فەردە قەوزە پڕ لە ئاونگەکان، بەردەوام پاسکیلم لێ ئەخوڕی و سنگم پڕ بووبوو لە بۆن و گەرمی، قوڕگم پڕبووبوو، بەدەم هەناسەبڕکێوە نەرەنەرم بوو، لە پاسکیلەکە هاتمە خوارەوە و لە ژێر بەرزترین و ئەستورترین درەختدا بەجێمهێشت، لەنێوان قەدی درەختەکانەوە تاوێرێکم لە دوورەوە بینی و

چوومە سەری، دەفەکەم لە شانم کردەوە و بە پێوە وەساتام، لەسەرو سنگمەوە تا سەرم تەمە چڕەکە داپۆشی بوو، دەستم کرد بە دەفلێدان، بەبێ ئەوەی بیر لە هیچ ڕەزمێکی تایبەت بکەمەوە، کاتێک بە قایمی ئەمکێشا بە دەفەکەدا تەمەکە لەژێر دەستمدا ئەبزڕکا، لەگەڵ گوێ لێبوون لە بەریەک کەوتنی زڕەی زنجیری دەفەکەی دەستم، هێندەی تر ئاوی ناو قوڕگم سەرئەکەوت، لەسەر ئەو تاوێرە سەر سەوزەوە بەدەم دەفلێدانەوە دامە پرمەی گریان، نازانم چەندە گریام و چەندەش دەفم کوتی، بەڵام کە ئیتر هەستم کرد ئەبێت بوەستم، دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵی تەماویی وەستام و لە جێگەکەی خۆمدا لەسەر فەرشە قەوزەکە دانیشتم، من لەنێوان تەمە نزمەکەی سەرسەرم و پەلکە گیا سەوزەکانی ژێر درەختەکانی دارستانەکەدا پشکۆیەک بووم لە گۆشت، هەستم بە سوکی سەر سنگ و جەستەم ئەکرد، دوای کەمێک دانیشتن و چاوگێڕان بەملاولای خۆمدا، لەسەر تاوێرە بەردەکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوە و چومەوە بۆ لای پاسکیلەکەم، بە عەشقێکی زۆرەوە بۆ نووسین گەڕامەوە بۆ ناو تاقە ژوورەکەی خۆم، بڕیارمدا کە ئەبێت نووسینێک بنووسم ڕزگارم کات لەو هەموو خەمە قورسەی سەر سنگ و ناو سەرم، نووسینێک بێت تەنها بۆ خۆم نەک بۆ بڵاوکردنەوە، وەک هەوڵدان بۆ دروستکردنی تەراپیەک لە خۆمەوە بۆ خۆم. تا بتوانم لەو گیرۆدەبوونە بەدەست برینداربوونی خۆم و یادەوەرییەکانمەوە بۆ شوێن کە نیشتیمان بوو ڕزگارم ببێت، تا بتوانم ئەو ڕۆژانە وەک خۆیان ببینم کە تیایاندا ئەژیم، نەک بهێڵم ببن بە ژێر سێبەری دوێنێیەکەوە کە زۆرینەیان یادەوەریی ناخۆش و خوێناوین، ئەم خۆڕزگارکردنەش ئەبوو لەڕێی نووسینێکەوە بێت کە هێزی بەتاڵکردنەوەی هەموو ئەو برینداریی و یادەوەریانەی تێدابێت.

لەگەڵ بڕیاردانی ئەو نووسینەدا تەواو دڵنیابووم لەوەی کە زۆر بریندارم، بۆ زیاتر ناسینەوەی ئەو برینداررییەم بڕیارمدا سەفەرێک بۆ کوردستان بکەم، لە هەمان کاتیشدا بڕیارمدا سەفەرەکەم بکەم بە دوو بەشەوە، سەفەری دەرەوە و سەفەری ناوەوە، سەفەری دەرەوە قسەکردن و گێڕانەوەی هەموو ئەو دیمەنانە بوون کە ئەهاتنە سەر ڕێگام و ئەمبینین، سەفەری ناوەوەش قسەکردن لەسەر یادوەرییەکان و خوێندنەوەکانم بوو.

چەند مانگێک تێپەڕی و ڕۆژێک بلیتێکی فڕۆکەم لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ شام بڕی، ئیتر تەواو دڵنیابووم کە ئەبێت پلانێک بۆ نووسینەکەم دابنێم تا بزانم چۆن دەستپێبکەم، بێ ئەوەی بیر لە بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینە بکەمەوە، بەڵکە تەنها ئەمویست نووسینێکی جیاواز لە نووسینەکانی پێشووترم بنووسم، چوون کەسێکی تەنیا و بریندار لە شوێنێکی دوورەدەستا برینێک ئەکەوێتە جەستەیەوە و ناچار هەر خۆشی ئەبێت

خۆی تیماربکات بۆ ئەوەی بژی و بگاتەوە ئاوەدانی، منیش ئاوا ویستم ئەو برینداریی و تەنهاییەی خۆم بەدەستی خۆم تیماربکەم و بتوانم جارێکی تر بچمەوە ناو خوێنەرەکانم.

لە چەند ڕۆژی پیش سەفەرەکەمدا بۆ کوردستان، تەواو نەخشەی نووسینەکەم لەلا بەرجەستە بووبوو، تەنها شتێک کە مابوو ئەوەبوو دەست بە نووسین بکەم، چونکە هەستم بە نەشئەیەکی بێ ئەندازە ئەکرد و خەیاڵیشم لەناو ئەو نەشئە بەردەوامەدا ئەیتوانی تا دوورترین شوێن بڕوات. دیارە من ئەزمونێکی دوورودرێژم لە چێژوەرگرتن لەگەڵ نەشئەی نووسیندا هەیە، بەچەشنێک هەندێک جار بێ ئەوەی بنووسم تەنها ئەمەوێت لەزەت لەو نەشئە و سەرخۆشییەم ببینم کە خەیاڵەکانم پێم ئەبەخشن، تا ئەو ڕادەیەی هەندێک جار لەبەر خاتری درێژکردنەوەی ئەو چێژی نەشئەیە دەستبەرداری نووسین ئەبووم، هەروەک عارفێک یا موعتادێکی حەیران، خۆم ئەدەمە دەست چێژوەرگرتن و چەشتنی ئەو خاوبوونەوانە، بەهەرحاڵ پێش سەفەرەکەم من تەواو خەمزەدە و حەیرانبووم و ئامادەی نووسین بووم.

سەفەرەکەم لە فڕۆکەخانەی ئارلەنداوە لە ستۆکهۆڵم دەستی پێکرد، وەک چۆن لە کتێبەکەدا ئەیگێڕمەوە، دوای گەیشتنەوەم بە کوردستان و تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر گەیشتنەوەمدا، بڕیارمدا ئیتر ئەبێت ڕۆژانە بنووسم، یەکەم دێڕم لە هەمان ئەو ژوورەی خۆمدا لە ماڵی باوکم نووسی کە لە تەمەنی هەرزەکاریمەوە ژووری نووسینم بوو، دیارە دووبارە چوونەوەم بۆ ناو ئەو ژوورەش گوژمێکی تر بوو بۆ ئەوەی بەردەوام بنووسم.

**من پێموایە قورسترین دێڕ دێڕی یەکەمی نووسینە، ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە لە ئەزموونی نووسین هەمیشە نووسەرێکی زۆر ترسنۆکم لەبەردەم یەکەم ڕستەی دەستپێکردنی نووسیندا**، کە دێڕی یەکەمم دوای دەیان جار گۆڕین و دەستکاری کردن نووسی، ئیتر ئیقاعی خەیاڵ و نەفەسی نووسینی خۆمم لەسەر ئەو دێڕە میقاتکرد و دەستم کرد بە نووسین، ڕۆژانە ئەمنووسی، چونکە تەقینەوەیەکی زۆر سەیر و خەفەبوو لە خەیاڵمدا بەردەوام هەڵئەچوو، ڕۆژانە خۆم ئەدزییەوە و وەک سەردەمی منداڵی بێ هیچ بەرنامەیەکی تایبەت ئەچوومە ناو کۆڵانەکان و دیقەتی ئینسانەکان و دەرگای ماڵەکان و دیوارەکانم ئەدا، جارانیش کە منداڵ بووم، هەمان خووم هەبوو، بێ ترسی ونبوون بەناو کۆڵانەکاندا ئەڕۆیشتم و دوور ئەکەوتمەوە، کۆمپارسەکەی منی منداڵ تەنها ئەو ئاپارتمانە گەورەیەی ناو شاربوو کە ئێستا ئوتێل سلێمانی پالاسە، لە گەڕانەوەشدا ڕووە و ئاپارتمانەکە ئەگەڕامەوە و ترسی ونبوونم نەئەما. بەڵام لەو گەڕانانەی گەورەیمدا پەژموردەیی سیمای ئینسانەکان و ڕەنگ بزڕکاویی هەموو جێگا و شوێنەکانی تر، کە جەنگی چەکداری نێوان دوو

حیزبەکەی کوردستان ژیانی لێ سەندبوونەوە، هەستێکی وای لەلادروستکردم کە من بەتەنیا بەناو کێڵگەیەلی میندا تێئەپەڕم و لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا یادەوەرییەکم پیادا ئەتەقێتەوە.

**گەڕانەوەی کەسی مەنفی بۆ شوێنی یەکەمی، وەک سەفەری گەشتیارێک نییە، کە ئەیەوێت لەگەڵ شوێندا پردێک دروستبکات بۆ تێگەیشتن و لەزەتبردن، کەسی مەنفی کە ئەگەڕێتەوە خۆی پردە، پردێکی بریندارە لە نێوان دوێنێ و ئێستادا، هەرچۆنێکیش ئەو بەیەکگەیشتنە دروستبێت بەیەکگەیشتنیکی بریندارانەیە،** کردنەوەی دەمی بورکانێکە بەدەستی خۆی و چوونە ناوەوەیەتی، ئەو وەک مەنفییەک مەحکومە بەنەمردن لە گەڕانی بەناو ئەو بورکانەدا، بەڵام گەڕانی کەسی گەشتیار سەیرکردنی بورکانەکەیە نەک چوونە ناوەوەی. من ئەو ڕۆژانە کە ئەگەڕامەوە و ئەهاتمەوە ژوورەکەم، بەچاوی تەڕەوە بریندارانە ئەمنووسی. ڕەنگە بەشێکی تایبەتمەندی کاتی نووسینی کتێبی سەفەرنامە، بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من شاعیرم، واتا تەنها لەسەر وەرەقە شاعیرنیم و **شاعیربوون بەشێوەیەکی زۆر خەتەرناک هاتۆتە ناو ژیانمەوە، بەچەشنێک قاچ دانەنانم لەسەر زەوی لە ژیانی ڕۆژانەمدا زۆر زەرەری لێداوم، چونکە ئەزانم قاچ دانانم لەسەر زەوی وەک دابەزین و هاتنەخوارەوە لە پەیژەیەک وایە بۆ سەر زەوی و هاتنەوەیە بۆ خاڵی سەرەتا. دیارە ئەم موسیبەتەش هەر پەیوەندی بە منەوە نییە و موسیبەتی هەموو شاعیرانە لەسەر زەوی.**

هەڵبژاردنی سەفەرنامە بەو شێوازی نووسینە، لە یەک کاتدا یاریکردنێکە لە نێوان کایەکانی ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و خوێندنەوە و ڕۆژنامەوانیدا، بۆیە نووسینی ئەم کتێبە ئازادییەکی زۆری لە خەیاڵی نووسین پێبەخشیم. سەربارى ئەوەی دواهەمین ساڵی سەدەی ڕابردوو ساڵی دووهەزار کە کتێبەکەم تیادا نووسی، ساڵێکی ناشیرین و پەژموردەبوو بۆ کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەت لە دوای ئەو هەموو شەڕە ناشیرینانەی حیزبی کوردییەوە لە پیناوی دەسەڵاتدا کردبوویان، کۆمەڵگەی کوردی و ئینسانی کوردیان تەواو وێران کردبوو، بینینی ئاشکرای ئەمانە هەموویان هێز و خەیاڵ و هێمابوون بۆ من تابتوانم ڕۆژانە لەسەفەرەکەمدا بنووسم. دوای گەڕانەوەم لە سەفەرەکەی کوردستان وەک هەمیشە چەند هەفتەیەک تاریکبووم و دواتر ژیانم چووەوە سەر ئیقاعی خۆی، هەموو ڕۆژێک لە سەعاتی حەوتی بەیانییەوە تا دوانیوەڕۆ کارم لە کتێبەکەدا ئەکرد، دوای چەندان جار نووسینەوە و دەستکاری کردن کتێبی سەفەرنامەم تەواوکرد. دوای تەواوبوونیشی هەستم کرد لە زیندانێک ڕزگارم بووە کە زیندانی یادەوەرییەکان بوو.

ئێستا یانزە ساڵ بەسەر نووسینی ئەم کتێبەدا تێپەڕیوە، خوێنەرانیکی بێ شوماری جیاواز لەسەر ئەم کتێبە قسەیان لەگەڵدا کردووم، بەڵام ئەو خاڵانەی کە لەناو ئەو سەرنجە جیاوازانەی ئەواندا هەیە و بۆ من جێی تێڕامانە، ئەوەیە کە ئەم کتێبە بەو گێڕانەوە سادە و نزیکە دڵەی خۆیەوە توانیویەتی هەرە زۆرینەی

خوێنەرەکان لەگەڵ خۆی بەرێت، بەشێوەیەکی هاوتەریب هەم لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو کتێبەکەدا بژین و هەم لەگەڵ یادەوەرییە جیاوازەکانی خۆیاندا بژین کە لە ساتی خوێندنەوەدا لەلایان دروستبووە، ڕەنگە ئەم تێکەڵبوونەی خوێنەر و کتێبەکە بەم گەرموگوڕییە هۆی ئەوەبێت کە ئەم کتێبە باس لە ئینسان ئەکات، واتا بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوتۆیە کە ئینسان تیایدا لەچەقدایە، بە پێچەوانەی زۆر بەرهەمی ئەدەبی کوردیی ترەوە کە ئینسان وەک خۆی تیایاندا ئامادەنییە. هەروەها لە ڕوویەکی تریشەوە ڕووداوە راستەقینەکانی ناو سەفەرنامە وا لە خوێنەر ئەکات لە باسکردنی ئازادییەکان و شکستەکان و ناشیرینییەکانی ژیانی خۆی نەترسێت، ئازابێت لە باسکردن و گوزارشکردن لە خۆی وەک ئەوەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی کە ئەبێت ببێت و کۆمەڵگە داوای لێ ئەکات. هەروەها بەبارێکی گشتیشدا ئەم کتێبە باس لە کۆمەڵێک یادەوەریی ئەکات کە هەمووان ئەتوانن بە یادەوەریی خۆیانی بزانن و قۆناغە جیاوازەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی تیادا بناسنەوە. من پێموایە ناسینەوەی ئەو دیوە شاردراوە و نادیارەی خوێنەر خۆی لە کاتی خوێندنەوەی کتێبێکدا، کە بەتەنها کتێبەکەی بەدەستەوەیە و ئەیخوێنێتەوە، وائەکات دوای خوێندنەوی کتێبەکە بەجۆرێکی تر سیمای خۆی ببینێت، کە پێشتر بەهەرچ هۆیەکەوەبووبێت نەیویستووە یان نەیتوانیوە ئاوا بە ڕوونی خۆی ببینێت. **من پێموایە جوانی ئاوێنە تەنها لەوەدا نییە کە ڕوخسار و جەستەمان بەڕووتی پیشان ئەدات بێ ئەوەی کەسی تر بیبینێت، بەڵکە جوانییە گەورەکەی ئاوێنە لەوەدایە بێ ئەوەی ئەوانی تر لەگەڵماندا ئامادەبن ئەتوانین لە ڕێگای بینینی خۆمانەوە ئەوانیش ببینین.** ئەو خەیاڵی بینینەش سەرەتای ئامادەکردنی ئێمەیە بۆ بینین و دانیشتن لەگەڵ ئەوانی تردا.